# کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکان بە گوستیلەی سیحری

بەرەو سەردەمێك و قۆناغێك دەڕۆین تەنانەت پێڵاو و گۆرەوییەکانیشمان تێکەڵی تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ دەبن، کاتژمێر و گوستیلەکان بەرەبەرە ئەو هەنگاوە دەنێن. لە نوێترین داهێناندا کۆمپانیایەکی هیندی ئەنگوستیلەیەکی بەرهەم هێناوە کە بە ئەنگوستیلەی fin ناسراوە، ئەم ئەنگوستیلەیە دەتوانێت هەموو شتێك لە تەلەڤزیۆنەوە بگرە هەتا مۆبایل و گلۆپ و کۆمپیوتەر و ستەلایت و سپلیت و ...تاد کۆنترۆڵ بکات. ئەم ئەنگوستیلەیە دەتوانێت جووڵەی دەست بناسێ و بەکارهێنەر تەنیا بە جووڵەی پەنجەکانی تایب بکات، بەبێ ئەوەی کە دەست لە کیبۆرد بدات. بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەیەوە دەتوانیت ئۆتۆمبێلەکەت کۆنترۆڵ بکەی و پێویست بە ریمۆت کۆنترۆڵ ناکات.






# کاتژمێرێک بۆ بزرنەبوونی منداڵەکانتان

هەرچەندە ئێستا سەردەم سەردەمی کاتژمێرە هۆشمەندەکانە، کە ئەرکی سەرەکییان کۆنترۆڵکردنی جەستەی مرۆڤە وەك، پێوانی کالۆری و وزە، لێدانی دڵ، خێرایی رۆیشتن و ..تاد. ئەم رۆژانە کاتژمێرێك یان زیاتر بڵێین مەچەکبەندێك چێکراوە کە یارمەتیی دایك و باوکان دەدات بۆ چاودێریی وردی منداڵەکانیان.

مەچەکبەندەکە کە بە جۆری Tinitell ناسراوە، سیستەمی GPS هەیە تاکو بکرێت دایك و باوکان شوێنی منداڵەکانیان پێ بزانن. هەروەها دەکرێت منداڵەکان وەك مۆبایلیش بەکاری بهێنن چونکە سیمکارت دەخوێنێتەوە و پەیوەندی پێوەدەکرێت، بەکارهێنەر کە منداڵانن دەتوانن بە داگرتنی دووگمەیەك بە دەنگی خۆیان بڵێن "بابە" کە پەیوەندی بە "باوك"یەوە دەکات، یان بڵێت "دایە" کە پەیوەندی بە دایکیەوە دەکات. هەروەها دەکرێت بە ژمارەش پەیوەندی دابمەزرێنی، ئەم کاتژمێر مۆبایلە، لە رێگای پرۆگرامێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و لە نەخشەیەکدا دەبیندرێت، کە منداڵەکە شوێنەکەی لە کوێیە.



# ئەڵقەی دیجیتالی سیحری گرنگتر لە ئەڵقەی هاوسەری!

رەنگە ئەو مانشێتەی سەرەوە جێگای سەرنج بێ و ئاخر چۆن دەکرێت ئەلقەیەکی دیجیتالی گرنگتر بێت لە ئەڵقەی هاوسەری! ئەڵقەی هۆشمەندی جۆری nod smart ring دەتوانێت گشت ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بخاتە ژێر چاودێریی خۆی و کۆنترۆڵیان بکات. تەنیا بە جووڵاندنی گوستیلەکە دەکرێت، تەلەڤزیۆن، کۆمپیوتەر، دەرگای گەراج، گلۆپەکانی رووناکی کۆنترۆڵ بکەی. راست وەك ئەو ئەڵقانەی کە لە فیلمە خەیاڵییەکاندا هەیە. ئەڵقەکە دژە تەڕبوونە و بە تۆز و خۆڵ تێکناچێت. جگە لەوەش دەکرێت بۆ کاروباری وەرزشیش سوودی لێوەربگیرێت.





# ئەم ئامێرە دەزانێت بەکارهێنەرەکەی چی لە زەیندایە

سنوور و کارکردنی ئامێرە دیجیتالییەکان پێدەچێت لە خەیاڵ نزیك بێتەوە، بەڵێ راست نزیك بە خەیاڵ!! ئامێری دیجیتالی MUSE ئەو ئامێرەیە کە دەتوانێت چ لە زەین و هزری بەکارهێنەرەکەیدا دەگوزەرێت، مەبەستی سەرەکیی ئەم ئامێرە ئەوە نییە کە نیشان بدات خاوەنەکەی چ بیردەکاتەوە، بەڵکو ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە کە بەکارهێنەرەکەی لە دڵەڕاوکێ و سترێس و نیگەرانی دوور خاتەوە!! ئەم ئامێرە هەروەك لەوێنەکەدا دەیبینن وەك چاویلکە لەبری لە چاو کردن لە ناوچاوان دەخرێت. ئامێرە دیجیتالییەکە ئەو کاتەی کە بیرو هزری بەکارهێنەرەکەی بەرەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەڕوات، دەنگی بایەکی توند دێت و گرمە و تریشقەی هەور دێت. کاتێکیش کە بەکارهێنەرەکەی زەینی ئارامە و ئاسوودەیە، دەنگی باڵندە دەبیسێ و رۆژێکی هەتاوی خۆش دێتەبەر زەینی. رەنگە لە داهاتوودا زۆر ئەرکی گرنگی دیکەش بەم ئامێرە ئەنجام بدرێت.

# یەکەمین فلاش میمۆری وایەرلەیس لە جیهاندا

کەم کەس هەیە تەنانەت ئەوانەی شارەزای بواری کۆمپیوتەریش نین نەزانن کە فلاش میمۆری چییە؟ لەم سەردەمەدا باشترین و بە سوودترین ئامێری گواستنەوەو هەڵگرتنی داتاکانە، فلاش میمۆری بۆ گواستنەوەی داتاکان دەبێت راستەوخۆ لە کۆمپیوتەر بخرێت، بەڵام لەم دواییەدا دوو فلاش میمۆری بەناوەکانی wireless flash drive و هەروەها wireless media drive هاتنە بەرهەم کە بەبێ وایەر بە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێن چونکە سیستەمی وای-فایان هەیە. فلاش میمۆری جۆری wireless flash drive وەك فلاش میمۆری ئاسایی قەوارەی 16,32,64 گیگابایتی هەیە. ئەم فلاش میمۆرییە دەتوانێت لە یەك کاتدا پێکەوە لە سێ ئامێر داتاکانی بڵاو بکاتەوەو هەروەها بە 8 ئامرازی دیکەش لە یەك کاتدا پەیوەند بدرێت، ئەوەی دووەمیان واتە فلاش میمۆری جۆری wireless media drive شدوو قەوارەی 32 و 64 گیگابایتی هەیە و جگە لەوەش سلایدی SD هەیە کە بکرێت زیاتر لەو قەوارەیە هەڵبگرێت. بەم فلاش میمۆرییە دەکرێت 5 فیلمی HD پێکەوە بڵاو بکرێتەوە و هەروەها دەکرێت لە یەك کاتدا بە 8 ئامرازپەیوەند بدرێت.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێك سەبارەت بە پرۆگرامی word دەکات و دەپرسێت لە فایلێکی word دا چـۆن دەکرێـت وێنەکانـی نـاو فایلەکە بە کوالیتی خۆی جیا بکرێنەوە و بکرێت وێنـەکان وەربگرین و لـە فۆلدەرێکـدا خەزنیان بکەین؟

خوێنەری بەڕێـز ئەگەر پرۆگرامـی twinrar هەیە کاتێـك دەتـەوێ وێنەکانی نـاو فایلێـك دەربهێنیت بەو پرۆگرامـە فایلە وۆردەکەت بکـەوە، لەوێشـدا فەرمانی extra لێبـدە و دواتر دەبینی کە فۆلدەرێـك بەناوی M-dia دروسـت بووە کە گشت وێنەکان لەوێدان.







# کتێبخانەیەکی دیجیتالی سیمکارتیشی دەخرێتە سەر

کتێبخانەی دیجیتالی ئەو دەسـتەواژەیە کە تەنیا خۆم بۆ ئەو ئامێرە بە کاری دێنم، ئەگینا مانـای ئامێرەکە ئەوەیە دەزگای کتێب خوێندنەوەی ئەلکترۆنی، بەڵام چونکە دەکرێت بە هەزاران کتێـب لەو ئامێرەدا خـەزن بکرێت بۆیە پێموایـە ئەمە کتێبخانەی دیجیتالییـە. ئامێری کتێب خوێندنـەوەی ئەلکترۆنی هەرچەندە بە پەرەگرتن و هەرزانبایی بوونی تەبلێتەکان ئەو گرنگییەی جارانیـان نەماوە چونکە تەبلێتێك دەتوانێت جگە لەو ئەرکەی ئەو ئامێرە ئەنجام بدات زۆربەی ئەرکی مۆبایل و لاپتۆپیش ئەنجام بدات.

لەم دواییـەدا نوێترین کتێبخانەی دیجیتالی لەلایەن کۆمپانیای Onyx بەرهەم هات کە بە Inkphone ناسـراوە کە جگە لە ئەرکی خۆی سیمکارتیشی دەخرێتەسەر و شـەحنێکی زۆریش لە خۆیدا رادەگرێ تەنانەت هەتا دوو هەفتە شەحنی ناوێت. RAMی ئەم کتێبخانەیە تەنیا 4 گیگابایتە. بەڵام دەکرێت هەتا 32 گیگابایتیش بۆی زیاد بکرێت.





# سۆنی و کامێرایەکی پیشەیی نوێ

کامێرای دیجیتالی لە بواری کارکردندا بە دوو دەستە دابەش دەبن، بەشێکیان پێیان دەگوترێت شەخسی واتە ئەو کامێرایانەی تاك بەمەبەستی کاری وێنەگری خۆی بەکاری دێنێ. ئەوەی تریشیان پێی دەگوترێت پیشەیی، واتە ئەو کامێرایانەی کە بەمەبەستی کارکردن کامێراوانی پیشەیی بەکاری دەهێنێت.

لەم دواییەدا سۆنی کامێرایەکی پیشەیی ئاست بەرز بەناوی Alpha A77II بۆ کامێراوانان بەرهەم هێناوە، هەستەوەریی کامێراکە سەرووی 24 میگاپیکسلە. لەم کامێرایەدا شاشەی جۆری OLED هەیە بۆ نیشاندانی دیمەنەکان. شاشەیەکی جۆری LCDیش بە تیرەی 3 ئینجی هەیە کە بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە. سیستەمی NFC بۆ گواستنەوەی وێنەکان بەشێوەی وایەرلەیس بۆ تەبلێت و لاپتۆپ لەم کامێرایەدا هەیە. کامێرای ناوبراو 60 وێنە بە کوالیتی بەرز بە خێرایی 12 فرێم لە چرکەدا خەزن دەکات کە بۆ دیمەنە وەرزشی و خێراکان سوودی لێوەردەگیرێت. ئەم کامێرایە پشتیوانی لە فیلم هەڵگرتنەوە بە کوالیتی K4 دەکات.

## گرفت و پرسیارەکانتان لەم سایتەدا باس بکەن

ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن، دەزانن گەلێك جاران تووشی گرفتی زۆر دەبن، کە ناچارن بۆ چارەسەری گرفتەکانیان لە کەسانی شارەزا بپرسن، هەرچەندە لە کۆمپیوتەردا گەلێك سایت هەن کە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانن و چارەی گرفتەکان دەکەن وەك، خزمەتگوزاری Microsoft Fix It Solution Center کە تایبەتە بە سایتی مایکرۆسۆفت. ئەم خزمەتگوزارییە ناوەندێکی چارەسەرکردنی گرفتەکانی سیستەمی ویندۆزە کە لەلایەن خودی مایکرۆسۆفتەوە دانراوە. هەرکاتێك تووشی گرفت بووی لەبارەی کۆمپیوتەر ئەم دەستەواژەیە لە گوگڵ بنووسە، دوای کردنەوەی سایتەکە، کێشەکەی خۆت لەهەر بەشێکدا بێت دەستنیشان بکە، بەئاسانی رێگا چارەکەی وەربگرە.




# بێ دانانی ویندۆز8 بەکاری بهێنە

ویندۆز8 نوێترین ویندۆزی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە، گەر ناتەوێت ئەم ویندۆزە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزێنیت، بەڵام حەز دەکەیت چۆنییەتی کارکردنەکەی بزانیت بەم پرۆگرامە بە ئاسانی هاوشێوەی ویندۆز8ت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بۆ چێ دەکات.

پرۆگرامی Windows 8 TransfoRmation Pack v8.1 پرۆگرامێکە کە دەکرێت ستایلی ویندۆزەکەت بکات بە ویندۆز8. ئەم پرۆگرامە گشت تایبەتمەندییەکانی ویندۆز8 وەك سکرین مینۆ، ستایل، ئایکۆنەکان، چۆنییەتی نیشاندانی زانیارییەکان و کوژاندنەوە و هەڵکردنی کۆمپیوتەر دروست وەك ویندۆز8 لێدەکات. بەم پرۆگرامە دەکرێت هەرکاتێك کە حەزت لەو ویندۆزە نەبێت بەئاسانی بیگەڕێنیەوە ویندۆزەکەی پێشووی خۆت.